# چەند زانیارییەک دەربارەی تەکنەلۆژیای Wi–Fi



نووسینی
ئەندازیار هاوار غفور

لەگەڵ بەردەوامی و گەشەکردنی ژیانی مرۆڤ بە دوای ئاسانکاری و پێشکەوتن و خۆگونجاندن لە بوارەکانی ژیان دەگەڕێت و هەمیشە هەوڵ دەدات بە دوای نوێترین تەکنەلۆژیا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە و لە ژیانی خۆیدا سوودی لێوەربگرێت، تەکنەلۆژیایەکی ئەوتۆ بێت کە هەمیشە ئاسان بێت لە بەکارهێنان و نرخی تێچوونی کەم بێت و جوانکاری بدات بە دەوروبەری.

بواری گەیاندن یەکێکە لەم بوارانەی کە هەمیشە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی پەرەی پێدراوە و پێش دەدرێت.

یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی پەرەپێدانی بواری گەیاندن کە لەم ساڵانەی دوای هاتە کایەوە تەکنەلۆژیای Wi-Fi ە.

### Wi-Fi چییە؟

Wi-Fi واتە Wireless Fidelity واتە تۆری بێ وایەری زۆر خێرا و وردبین.

کە تەکنەلۆژیایەکی نوێیە و ناوە راستەقینەکەی بریتیە لە تۆری (820.11) و لە ساڵی 1999 بۆ یەکەمجار رێسا و پێوانەکانی هاتە کایەوە و لە

ساڵی 2002 کەوتە بواری پراکتیکەوە و ژمارەیەکی زۆری بەکاربەر ئەم تەکنەلۆژیایە نوێیەیان بەکار هێنا.
تەکنەلۆژیای Wi-Fi خۆی بەرجەستە دەکات لە بەکار نەهێنانی وایەر (Wire) واتە بەستنەوەی ئامێرەکانی لە ڕێگای وایەرلێس Wireless و بۆ نموونە: بەستنەوەی PC (Personnel Computer) لەگەڵ پرینتەرێک بە هۆی تەکنەلۆژیای Wi-Fi.
کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە زۆر شوێنەوە سوودی لێدەبینرێت وئاسانکارییەکی زۆریش دەکات لە زۆر بوارەوە جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر وایەر کەم دەکاتەوە کە ئەمەش دیمەنێکی جوانتر دەبەخشێت بەو شوێنەی ئەم تەکنەلۆژیایەی لێ بەکار هاتووە.

**Wi-Fi بە کار هێنانەکانی و خەسلەتەکانی:**

لەگەڵ ئەوەشدا کە Wi-Fi تەکنەلۆژیایەکی نوێیە بەڵام لە ماوەیەکی زور کورتدا لە زۆر بوارەوە بەکار هاتووە ئەمیش لە ڕێگەی ئەو خاڵە گەرمانەی (Hotspots) کە لەم تەکنەلۆژیایەوە بە کار دەهێنرێت.
یەکێک لەم بوارانەی پراکتیکەکردنی Wi-Fi بواری گەیاندنی تۆری جیهانی (ئینتەرنێتە) کە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ سوودی لێ وەربگیرێت و بەکار بهێنرێت.
جگە لە بواری ئینتەرنێت لە بواری گەیاندنی ئاسمانی (فرۆکەوانی) و گەیاندنی دەریایی (کەشتی دەریایی) سوود لەم تەکنەلۆژیایە وەرگیراوە.
ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە کە تا بەرەو پێشەوە برۆین پێوەری نوێتر لەم تەکنەلۆژیایە دروست دەکرێن وەک پێوەری

802،A11 و 802،G11

.... هتد کە هەریەک لەم پێوەرانە گۆڕانکاری نوێتری بەسەردا دێت.
گرنگترین خەسلەتەکانی تەکنەلۆژیای Wi-Fi خۆی بەرجەستە دەکات لە بەکار هێنانی سامانێکی گەورە لەم بوارە بوونی قازانجێکی زۆر (Low Investment and Large Profile) و پشت دەبەستێت بە بوونی خالی گەرم (Hotspots) لە زۆر شوێنەوە کە بەکار هێنەر (User) دەتوانێت هەمیشە گەیاندنی (Communication) لەگەڵ هەبێت. خاڵێکی تری تایبەتمەندییەکانی تەکنەلۆژیای Wi-Fi بریتییە لەوەی کە تیشکەکانی بەکار هاتوو لەم تەکنەلۆژیایە دەتوانن بەربەستەکان ببڕن جا ئەم بەربەستانە چ دیوار بێت یان بەربەستی تر.

**Wi-Fi و بواری پراکتیکی لە کوردستاندا:**

هەر وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بەوەدا کە یەکێک لە بوارەکانی پراکتیکە کردنی تەکنەلۆژیای Wi-Fi بواری ئینتەرنێتە.
ئەوەی دەبیندرێت لە بواری ئینتەرنێت تەکنەلۆژیای Wi-Fi خۆی بەرجەستە کردووە و ئێستا لە بواری پراکتیکەوە سوودی لێدەبینرێت لە کوردستاندا.
بەڵام لە زۆر بواری تر تا ئێستا سوودی لێ نەبینراوە.
بەو ئومێدەی لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر و لە بواری بەرفراوانتر سوودی لێوەربگیرێت.